## ئەڵقە ئەڵماسییەکان بۆ پەنجەی دەستی خانمان







مۆدە جۆراوجۆرەکانی ئەڵقەی پەنجە دەبێتە یەکێك لە شێوە ناسك و جوانەکان بۆ پەنجەی دەست، بە جۆرێك ئەو ئەڵقانە دەبێ جوان و رازاوە بن، بۆ ئەوەی لە دوور و نزیکدا خۆیان دەربخەن، لەگەڵ دانانی رەنگ و نەخشێکی جوان بۆ ئەڵقەکان مانایەکی گەورە دەدات، کاتێك ئەڵقەکان بە ناسکترین شێواز لە پەنجەکانی دەست بە رازاوەیی دەردەکەون.

بوونی شێوەی ئەڵقەی پەنجە دەبێ جۆرێك بێ کە رەنگێکی تایبەت و نەخشێکی رازاوە بێ، بۆیە چاکترە جوانترین ئەڵقە بۆ پەنجەکانی دەست هەڵبژێردرێن، یەکێك لە جوانترین شێوەکانی ئەڵقە بریتییە لە ئەڵقە بەنەخشەکان، هەروەها رەنگە ئەڵماسییەکان، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە ئەڵقە سەرەنجراکێش و جوانەکانی بۆ پەنجەی دەستی خانمان.







## بۆ دیکۆری جوانی ماڵ ئەو هەنگاوانە بگرنەبەر

دیکۆرەکانی ماڵ هەندێك جار بە چەند هەنگاوێکی بچووك، دەتوانین شێوەیەکی جوان و رازاوە بە دیکۆرێکی ناسك ببەخشین، بۆیە دەبێ بیر لە هەنگاوە جوان و ناسکەکان بکەینەوە، یەکێك لەم هەنگاوانە بریتییە لە دانانی یەکێك لە کورسییەکانی قەنەفەکان بە شێوەیەکی تاك و جیاواز.
ئەمەش پێویستی بە ئامادەکاری دەبێ، وەك دانانی رووناکییەکی جوان لە نزیك ئەو کورسییە، هەروەها بوونی گوڵ، یان مەرکانە زیاتر شێوەی لەگەڵ مێزێکی بچووك لە بەردەم کورسییەکە هەبێ، بۆیە دەبێتە رێگەیەك بۆ جوانی دیمەنێکی ناسك و جوان، هەروەها مەرجە رەنگەکانی ئەو دیکۆرە لە رەنگێکی جوان و تایبەت بێ، رەنگەکان زیاتر لە یەك بچن.

## مۆدەی ماکیاژی نـ











## چاكێته كورتەكان بۆ هەموو وەرزێكن

چاكێتـــەكان هەردەم بە مـــۆدە جوانەكانیان دەتوانن شێوازێكی جوان و رازاوە بە جەستەی خانمـــان بدەن، بەهۆی ئـــەوەی وەك مۆدەیەك دەكرێ لە گشـــت وەرزەكان بپۆشـــرێ، تەنیا دەكرێ جۆری قوماشەكە بگۆڕدرێ، چونكە چاكێتەكان بۆ هەر وەرزێـــك جیاوازیان هەیە، بەڵام هـــەر یەك لەم چاكێتانە دەتوانن جوانییەكی ناســـك بە جەســـتەی خانمان ببەخشـــن. یەكێك لە جوانترین مۆدەكانی چاكێت لەم وەرزەدا، ئەوەیەكە شێوەیەكی كورت و ناســـكی هەبێ، كاتێك لەگەڵ جەســـتەدا رێكدەكەوێ خوارەوەی تاوەكو سەر كۆتایی ناوقەد دەبێ، ئەمەش وادەكات جەستەی خانمان سەرەنجراكێش بێ، جیاكاری لە نێوان بەشی خوارەوە و سەرەوەی جەستە بكات، بۆیە زیاتر كراوەیی و ناسكی بە جەستەی خانمان دەدات.

## ـــەرم و ناسک

**شەرمین – ساڵۆن ستۆكهۆڵم**

ماكیاژەكان رەنگدانەوەی جوانی و ناسكی شێوەی رووخساری خانمانە، لەگەڵ ئەوەی جوانی ماكیاژەكان هۆكارێكە بۆ رازاوەیی لە جوانی خانمان، بۆیە دەبێ یەكێك لە مۆدە جوانەكانی ماكیـــاژ هەڵبژێرین بۆ ئەوەی لە شایســـتەترین مۆدەی ماكیاژەكان بێ. ماكیـــاژی نەرم، ئەوەی بەو ماكیاژەی بە جوانییەكی نەرم و ناسك دەنوێنێ، تەنانەت رێگەیەك دەبێ بۆ خستنە رووی شێوەیەكی كراوە و جوان بە جوانی رووخسار، ماكیاژە نەرمـــەكان بە جوانترین شـــێواز دادەنرێن، لەگەڵ ئەوەی رەنگـــەكان جیاوازن و هەر رەنگەی بەشـــەكانی ماكیاژی رووخسار جیاوازە لەوەی دیكە، بۆیە دەبێتە رێگەیەك بۆ جوانی و رازاوەیی رووخساری خانمان. هەوڵبدەن جوانییەكی نەرم ئامادە بكەن بۆ ماكیاژی رووخسار، چونكە تاكە رێگەیە تا بە جوانترین شێوە خۆتان دەربخەن.



## قژ هەڵگرتن مۆدەیەكی سەرەنجراكێشە

تەســـریحەكان هەر یەكە بەپێ جوانی و رازاوەیـــی كاریان بۆ دەكرێ، بۆ ئەوەی لە نزیكەوە جوانترین شێوازی مۆدەبە قژەكان ببەخشـــن، بەمەش دەبێتـــە رێگەیەك بۆ ئەوەی قژەكان بـــە جوانترین رێگە كاری تەســـریحە كردنـــی بۆ بكـــرێ، لەگەڵ ئەوەشدا شـــێوەیەكی ناسك بە قژ بدات بۆ ئەوەی لەگەڵ شـــێوازی جل و رووخساردا بگونجێـــت، یەكێك لەم تەســـریحانە بریتییە لە تەســـریحەی هەڵگرتنی قژ، بۆ گشـــت شـــوێن و كاتێك بەكاردێت و دەكرێ سوودی لێوە وەربگیرێ، قژ كاتێـــك هەڵدەگیرێت و لەلایەنەكان تەلی ناســـكی لێـــوە دەخرێتە خوارەوە، بەمەش دەبێتە رێگەیەك بۆ جوانی و رازاوەیی لە مۆدەی هەر قژێك، بە تایبەت ئەگەر ستایلی قژەكە خاوی پێوە دیار بێ.





# حاڵەتە دەگمەنەکانی بووک گواستنەوە



ئاهەنگەکانی بووك گواستنەوە لە هەر شوێنێك بەپێی ئەو داب و نەریتانەی لەلای هەر نەتەوە یان هۆزێکی جیهان هەیە جیاوازە، ڕەنگە هەندێك لە کارەکان لەلای ئەوان شتێکی ئاسایی بێ، کەچی لەلای ئێمە دەبێتە یەکێك لە حاڵەتە سەیرەکان. ئەوەی دەیبینن بریتییە لە دوو حاڵەتی بووك گواستنەوە، یەکێکیان بریتییە لە گواستنەوەی بووکێك بە پایسکل، وەك ڕێگەیەك بۆ دەربڕینی خۆشییەکان، بۆیە بووك و زاوا بەسەر دوو پایسکلەوە بەناو شۆستە و شەقامەکانی وڵاتی هەنگاریا ڕۆژی ئاهەنگیان بەڕێ کرد. حاڵەتی دووەمیش بریتییە لە ئاهەنگی نێوان پیاو و ئافرەتێکی بە تەمەن، تەمەنی پیاوەکە نزیکەی (٨٥)ساڵی و بووکە خانمیش(٧٠) ساڵانەیە!

## هەتا دەمرێ قژی کەم ناکاتەوە!

ڕەنگە لەلاتان سەیر بێ کاتێك مرۆڤێك تا دوا قژی خۆی چاك نەکات و کەمی نەکاتەوە، ئەگەر مرۆڤێك کە تەمەنێکی زۆریشی هەبێ کاری لەم جۆرە بکات، دەبێ قژی چەند درێژ بێ.

لە وڵاتی چین، پیاوێك بەناوی (بینگ فۆ)، توانیویەتی لەماوەی (٦٠) ساڵی ڕابردوو قژی نەتاشێت، بۆیە قژی وەك کیسێکی گەورەی لێهاتووە، تەمەنی پیاوەکە(٧٩) ساڵە، درێژی قژی ئێستای دەگاتە نزیکەی (٩) پێ درێژ، واتە نزیکەی دوو مەتر و نیو، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، قژی ئەوەندە زۆرە بە توولەگەیەك لەسەر پشتی هەڵگرتووە بۆ ئەوەی نەکەوێت.



## مرۆڤێك کەوتۆتە ژێر ئۆتۆمبیلێکی دوو تایە!

ئەوانەی کارە ترسناك و سەیرەکان ئەنجام دەدەن، دەبێ متمانەیەکی گەورەیان بەخۆیان هەبێ بۆ ئەوەی کارەکانیان بە تەواوی سەربگرێ، چونکە هەر هەڵەیەك لە کاتی نمایشەکان دەبێتە هۆی کاری زەرەرمەندی و کارەسات. لە نمایشێکی زۆر سەیر لە وڵاتی ژاپۆن، کە شۆفێری ئوتۆمبێلێك ئامادەیی خۆی دەربڕی لەوەی ئوتۆمبێلەکەی بەسەر (٢) تایەوە بڕوات. ئەوەی سەیر بێ، شۆفێرەکە ئەوەندە متمانەی بە کارەکەی دەبێ، کەسێك تەرخان دەکات بۆ ئەوەی لە ژێر ئوتۆمبێلەکەی بێ، ئەمەش وەك هێمایەك لە شانازی بەخۆ کردن، کە هەڵەیەك ناکات و کارەکەی سەرکەتوو دەبێ، بۆیە کارەکەی سەرکەوتوو بوو، توانی ئوتۆمبێلەکەی بۆ ماوەیەکی زۆر بە (٢) تایەوە بڕوات.







# خواردنی ئەو پەنجانە چەند بەتامن

هەر رۆژە شـــتێکی دەگمەن و سەرنجڕاکێش دەبینین، شتەکان سەرنجڕاکێشە هەموو لایەنێکی گرتۆتـــەوە. گەر لەو پەنجانە رامێنن دەبینن بە ئاگر هەڵقرچاون و بوونەتە کەباب. بەڵام هیچ خەفەتی پێ مەخـــۆن ئەوە بۆخۆی کەبابە بەم شێوەیە دروستکراوە. بیخۆن نۆشی گیانتان بێ رەنگە زۆریش بەتام بێ.



# جووڵە سەیرەکانی خانمێک ببینن!

ئەوانەی لـــە بواری جەســـتەدا خاوەن بەهرەن، کاری وادەکەن دەبێتە رێگەیەك بۆ ئەوەی گشت خەڵکێکی پێوە سەرسام بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا کارەکان بە جۆرێکن دەبنە رێگەیەك بۆ کردنەوەی نمایشەکان بۆیان، وەکـــو ئەو خانمە کـــە کاری وا دەکات کە ناچێتە زەینی مرۆڤەوە، چونکە جووڵەکانی لە سەیرترین کارەکان دەردەکەوێت.

(میشـــێل) خانمێکـــی وڵاتـــی (هەنگاریا)یە، لە بچووکیەوە بەســـەر لق و پۆپی دارەکانی نزیك ماڵەکەی خۆیاندا هەڵدەگـــەڕا، تا وای لێهات لـــەو کارەدا ببێتە بلیمەت، لە نمایشـــێکدا کە تایبەتە بە لێهاتووی (میشێل) دەتوانێت بە دانانی دەمی لەناو ستوونێکی پێچکراو بەدەمی، خۆی بگرێتەوە!

# پەیکەرەکان لە تایەی ئۆتۆمبێلەکان


ئەوانـــەی کار دەکـــەن لـــە پێنـــاو بەدەستهێنانی کارێك کە جێگەی شیاوی سەرەنجڕاکێشـــان و ناوبانگ دەرکردنێ، هەردەم بیر لە شـــتێك دەکەنەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ شێوازی ئاسایی خۆیان جیاواز بێ، وەکو دەزانین کاری هونەری پەیکـــەر و نەحتەکان لە چەندین ماددەی تایبەت و تەرخانکراو دروست دەکرێن.



کـــورە گەنجێـــك بەناوی (میشۆف) لە وڵاتی بۆلیڤیا، توانی چەندین شێوەی پەیکەر دروست بکات لە ماددەیەك، کە کـــەس بیری بۆ ناچێ، چـــۆن کاری لـــەم جـــۆرە ئەنجام بدات. کەرەســـتەی پەیکەرەکانـــی لـــە پاشـــماوەی تایەی ئۆتۆمبێل دروست کراون، لەگەڵ ئەوەشدا دیمەنێکی زۆر جوانیان هەیە.











## عەدەسە سەیرەکانی چاو


مۆدە جوان و سەیرەکان هەردەم لە گشت شێوە و کارێکدا دەردەکەون، تەنانەت لە بواری جوانکاری و بەشەکانی جەستەی مرۆڤیش دەگرێتەوە، یەکێك لەو ڕێگایانەی بۆ جوانی چاوی مرۆڤ بەکاردەهێنرێن بریتییە لە (عەدەسەی چاو)، بۆ جوان کردن و ڕازاوە کردنی ڕەنگ و شێوەی چاو. عەدەسەکان زیاتر لەلایەن خانمان بەکاردەهێنرێن، بۆ ئەوەی شێوازی چاویان گۆڕانکاری بەسەردا بێ، ئەوەی سەیر بێ چەند جۆرە شێوەی عەدەسەیەکی تازە دەرکەوتووە، بە جۆرێك شێوەکانیان نابێتە هۆی جوان کردن، بەڵکو مرۆڤی بەرامبەر سەرسام و دەترسێنێ !

## باڵەخانە سەیرەکانی ٢٠١٠

کارە سەیرەکان لە گشت بوارەکاندا دەردەکەون، ئەمەش بە گوێرەی ئەو بیرۆکانە دێ کاتێك لەلایەن کەسانی پسپۆڕ یان هەر کەسێك کە نیازی کارێکی هەبێ بیرۆکەکان دەردەکەون، لە داهاتووشدا جێبەجێ دەکرێت. بە تایبەت لە بواری باڵەخانە و لایەنە ئەندازیارییەکاندا لەسەر دانانی شێوە سەیرەکان بۆ باڵەخانە و خانووەکان دادەنرێت.

ئەوەی دەیبینن بریتییە لە کۆمەڵە خانوویەکی دروست کراو، لەناو دوو باڵەخانەی سەیر لە شێوەدا دروست کراوە، باڵەخانەکە ئەوەندە سەیرە وەك ئەوەی گەمەی منداڵ بێ، چونکە لە باڵەخانەی ڕاستەقینە ناچێ، ئەم کارە سەیرە لە وڵاتی سویسرا ئەنجام دراوە، بە یەکێك لە سەیرترین باڵەخانەکانی ٢٠١٠ دادەنرێ.





## بەرمیلێ ئاگر بە سەر هەڵدەگرێ!

ئەوانەی خاوەن بەهرەن و کارە سەیرەکان ئەنجام دەدەن، دەتوانن بە چەندین ڕێگەی سەیر و جوان کاری وابکەن گشت کەسێك سەرسام بکەن، تەنانەت بەهرەکانیان جێگەی جوانی و نازناوێکی گەورە دەبێ، بۆیە دەبێ بەهرەی ئەو کەسانە بە سادەیی وەرنەگرین، چونکە دەتوانن کاری وابکەن لە نزیکەوە کەسانی دیکە لە نمایشێکدا کۆبکەنەوە.

بەهرەی ئەو پیاوە لە بەهێزی سەریەتی، کاتێك دەتوانێت بە سەری چەندین کەرەستە و شتی قورس هەڵبگرێت، هەرچەند کەرەستەکان گەورەش بن، لە توانای دەبێ لەسەر سەری هەڵبگرێت، لەم دیمەنەدا وەك دەبینن بەرمیلێکی ئاگرینی، بەسەر هەڵگرتووە.





# شەمەندەفەر بۆ هەمووانە!

لە یەكێك لە وڵاتانی كیشوەری ئەفریقادا، شەمەندەفەرێك ئەوەندەی خەڵك سەریدەكەوێ بە قەولی كوردی دەرزی وەعەرزی ناكەوێت.

چونكە لەناوچەی گوینی باشووری ئەفریقا بۆ گواستنەوەی خەڵكی ئەو ناوچانە تەنیا یەك شەمەندەفەر هەیە، خەڵكی ئەو شوێنەش ژمارەیان زۆرە و زۆر گەشت دەكەن، بۆیە

لە هەر گەشتێكی ئەو شەمەندەفەرە بە هەزاران كەس نەتەنیا سواری شەمەندەفەر دەبن، بەڵكو خۆیان هەڵدەواسن، تەنانەت سەر شەمەندەفەرەكەش بۆتە شوێنی دانیشتن.



## یاری لەگەڵ تیمساح دا

ئەوانەی هەست بەخۆیان دەكەن كە دەتوانن نمایش و كاری وابكەن، بە شێوەیەك كارەكانیان جێگەی سەرەنجراكێشی و سەرسامی گشت كەسێك بێ، دەتوانن بە رێگەیەكی تایبەت كاری وا ئەنجامبدەن، كە كەسی دیكە نەتوانن بە ئاسانی كاری لەم جۆرە بكات.

لە وڵاتی چین، خانمێك بەناوی (سیانگ) لە توانایدایە لەگەڵ گیاندارە ترسناكەكان مامەڵە بكات، ئەو خانمە لە منداڵییەوە لەگەڵ گیانداری تیمساح ژیان بەسەر دەبات، یەكێكە لە هاوڕێ نزیكەكانی تیمساحە، جوولەیەكی دەگمەنی ئەو كچە بریتییە لە دانانی تەواوی سەری لەناو دەمی تیمساح، بێ ئەوەی تیمساحەكە ئازاری بدات.



## سەرتاپای جەستە لە خاڵی رەش





لە ژمارەكانی پێشوو باسی ئەوەمان كرد كە لە وڵاتی سعودیە منداڵێكی كچ بەناوی (جۆری)، سەرتاپای جەستەی بە خاڵی رەش داپۆشراوە، كەچی وادیارە ئەو نەخۆشییە لە زۆر شوێنی جیهاندا هەیە، لە وڵاتی چینیش، منداڵێك بە ناوی (لی هاویان) تەواوی جەستەی بە خاڵی رەش داپۆشراوە.

ئەو كچە ئێستاكە (٧) ساڵە، لەبەر ئەو نەخۆشییە وازی لە قوتابخانە هێناوە، بۆیە بە هاوكاری چەند پسپۆرێكی بواری پێست، توانیان منداڵەكە لەو نەخۆشییە رزگار بكەن و ژیانێكی ئاسایی بۆ بگێڕنەوە.



## منیش شاجوانم !

لە یەکێك لە ئاهەنگە تایبەتەکان، بۆ ئەوانەی تەمەنێکی زۆریـــان بڕیوە لە ژیانیاندا، ئەمـــەش وەك گرنگی دان بە هەست و خواستەکانی ئەو پیاو و ئافرەتە پیرانە، ئاهەنگێکی تایبەت و قەشـــەنگ لە وڵاتی فەنزویـــلا ئامادە کرا، لە ئاهەنگەکە سەدەها پیاو و ئافرەتی پیریان هێنابوو، لەگەڵ ئەوەشـــدا شاجوانی ئافرەتە پیرەکان دەستنیشان کرا، کە ئەو خانمە جوانە نازناوەکەی وەرگرت.



## مریشک بۆ جوانی!

کاتێك مرۆڤ سەرسام دەبێ بە شتێك، یان لە لایەنێك هەوڵدەدات خۆشەویســـتی بۆ گیاندارێك دەربخات، لەم ڕێگەیەکدا دەردەکەوێ، لە وڵاتی مەکســـیك پیاوێك بە ناوی (فرناندۆ)، هەردەم سەرسامە بە باڵندەی مریشك، بۆیە یەکێك لە خۆشەویســـترین مریشکەکانی، لە گشت شوێن و بۆنە تایبەتەکان لەسەرسەریەتی.

## یاری جولانەوەی پیتەکان

دەتوانن بە گۆڕینی پیتێك بۆ یەکجار لەم چوارگۆشانە، لە چوارگۆشـــەیەك بۆ یەکێکی تر، دەتوانن بگەن بە ناوی تەواو کاتێك هەنگاوەکان تەواو دەبێت.


| س | م | س | ی | ر | ك |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئاسانکاری: ناوچەیەکی گەشتیاری خۆشە لە کوردستان! وەڵامی پێشوو: (کریسمس) بوو

## نوکـــــتە

☺ - کچێکـــی تاقانـــە لە خوا دەپاڕێتەوە و دوعـــا دەکات، دەڵێ : خوایە گیان من خەمی خۆم نییە، تەنیـــا زاوایەکی جوان و ڕێکوپێك بۆ ئەو دایك و باوکەم بنێری!

☺ - پیاوێك کاتێك وەســـڵی ئـــاوی ماڵانی بۆ هاتبوو، کە بینی لە وەســـڵەکە نووسراوە (٥٠٠٠٠) دینار، ئەویش لە خۆیەوە گوتی : دیارە باران لەسەر حیسابی من باریوە !




### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

زۆر گرنگە ڕای کەسی بەرامبەرت وەربگریت لەو بابەتانەی پەیوەندی بـــە هەردووکتانەوە هەیـــە، ئەگەر ئەو کارە بکەی ســـەرکەوتنت مســـۆگەرتر دەبێت و بەرامبەرەکەت هەســـت ئەکات کە خۆشەویستە لای تۆ.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەو بڕیارانە جێبەجێ بکـــەی کە دەمێکـــە چاوەڕوانـــی کاتێکی گونجاو دەکەی بـــۆ ئەنجامدانی، پلانێکی نوێ دابنێ و بەرنامەیەکی نوێ پەیڕەو بکە بۆ ئەوەی بە ئاواتی خۆت بگەیت.




### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

خـــەم هەڵمەگرە کاتێك دەبینـــی هاوڕێیەکت هەڵوێســـتێکی چاوەڕواننەکـــراوی دەبێـــت بەرامبـــەرت، تەنها بیر لەوە بکەوە کە جارێکی تر بڕوا بە هەموو کەســـێك نەکەیت و ئەوەش بزانە مەرج نییە هەموو هاوڕێیەکت دڵسۆز بێت بەرامبەرت.




### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

قۆناغێکی نوێ لەژیانت دەست پێ دەکات، چاوەڕوان بە هەواڵێکی خۆشت پێ دەگات کە پێشـــبینیت نەدەکرد، وەڵامێکی ئەو پرسیارەت پێ دەگات کە دەمێکـــە ئاواتەخوازی وەڵامەکەی بزانی.



### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

قســـەیەك مەکە ببێتە هـــۆی برینداربوونی هەستی خۆشەویســـتەکەت، ئێستا لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستی پێتە و چەند کێشەیەکی هەیە کە حەز ناکات بیزانیت، تۆش ئەو بارودۆخە لەبەرچاو بگرە و بێ هیوای مەکە.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

چەنـــد گرفتێکی بچووك دێنە ســـەر ڕێگات لەو کارەی ماوەیەکـــە ئەنجامی دەدەی بەڵام هەر زوو چارەســـەریان دەکەیت و کۆتاییان پێ دێت، ئەگەر بە گرنگی ســـەیری ئـــەو کارە بکەی دڵنیابە دەستکەوتی زۆر گەورە چاوەڕوانت دەکات.

ئا/ هێمن قەسرەیی





## ئاســـۆیی:

١-خاوەنی وێنەکە — هونەرمەندێکی لوبنانییە
٢- شارێکە لە فەرەنسا(پ)- نەخێر(پ)
٣- یانەیەکی بەناوبانگی ئەمەریکایە
٤- بەیت(ت)- سێ پیت لە(تۆبە)
٥- پێچەوانەی (تاریك)
٦- پایتەختی ئیتاڵیا(پ)- بیروبۆچوون
٧- چ کاتێك- سایتێکی زۆر بەناوبانگە
٨- یارییەکی مەترسیدارە
٩- شارەزا(ت)- سێوە(ت)
١٠- گۆڤارێکی سیاسی بوو ئێستا دەرناچێت(پ) چیا(پ).
١١- ئاژانسێکی بەناوبانگی ئەمەریکایە(پ)- نازناوی یانەی فیۆرنتینای ئیتاڵیا
١٢- یانەیەکی ناودارە لە ئیسپانیا

## ســـتوونی:

١- باشترین ناوبژیوان بوو لە جیهان دا- سادە
٢- ناوی یەکەمی یانەیەکی ئەرژەنتینە(پ)- مێشك(ت)- ژمارەیەکە
٣- پێچەوانەی (درۆ) — پێچەوانەی (برۆ)- وەکو یەکە
٤- بزر+ بەهێزترین وڵاتی جیهان- وەکو یەکە
٥- سێ پیت لە (رەوا) — پێچەوانەی درەنگ
٦- جۆرێکە لە بارینی باران- واتا
٧- سێ پیت لە(زیدان)
٨- ناوێکە- رەنگێکە
٩- یاد(پ)- ئاژەڵێکە(پ) نیوەی (لیرە)
١٠- بەشێکە لە لەش- لادێ(ت)
١١- سێ پیت لە(گورگ)- وەکو یەکە
١٢- وەکو یەکە- یاریزانێکی ئیتاڵیا و یانەی لیڤەرپوولە(پ).

## بۆ زاخـــاوی مێشك


بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..



ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت، بتوانە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، بەپێی ئەم ئاسانکارییەی لە خوارەوە کراوە :


**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شـــتێکە هەموو مرۆڤ پێوەی پابەندە و شـــتێکە بۆ پێوانەی رۆیشتنی ژیان)
- پیتی خانەکانی (٥+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بۆ لە زمانی هەولێری)
- پیتی خانەکانی (٥+٦+٧) کۆبکەیتەوە بە مانای (رەنگ بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٨+٩) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئوتۆمبێل لەسەر چی و بەچی دەڕوات)!



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

دڵی کەسـێکی خۆشەویستت شـکاندووە و هەسـت بەوە دەکات کە تۆ بـێ وەفابووی بەرامبەری، لەکاتێکدا خـۆت ئەوەندە بیری لێ ناکەیتەوە، دووبارە پەیوەندی لەگەڵ درووست بکەوە و کۆتایی بە تووڕەبوون بێنە.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەفتەیەکـی زۆر خۆش ناونیشـانی حەفت رۆژی داهاتووە لە ژیانی تۆ دا، زۆربەی ئەو شـتانەی خەونی پێوە دەبینی دەبنە ڕاستی. متمانەت لای هاوڕێکانت زیاتر دەبێت و لەوانەیە پلەت بەرز بکرێتەوە لەو بوارەی کاری تێدا دەکەی.




### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەگـەر خۆشەویسـتت نییـە دەرفەتێکت دێتە پێش بۆ ناسـینی کەسـێك لەڕەگەزی بەرامبەر و درووستبوونی پەیوەندییەکی نوێی خۆشەویستی، باری داراییت باشتر دەبێت و بە جۆرێك پارە خەرج بکە کە ئایندەت لەبەرچاو بێت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەسـت بە دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەکەی کاتێك بۆ یەکەم جار دوای کۆتایی هاتنی پەیوەندی نێوانتان چاوت بە خۆشەویسـتەکەت دەکەوێت، سـەرنجی ئەوە بدە ئەویش هەمان هەسـتی تۆی هەیە و نیگەرانە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

پێویسـتە بە چاوێکی تر لەژیـان بڕوانیت، خەندە و پێکەنین بکە بە هاوڕێی بەردەوامی خۆت و ڕێگا مـەدە گرفتێکی بچووك وات لێ بکات تەنها خـەم هەڵبگریت، چاوەڕوان بە هەواڵێکی خۆش لەڕێگادایە و خەمەکانت لەبیر دەباتەوە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

بڕوات بە خـۆت هەبێت و ئەو کارە هەڵبژێرە کە خۆت حەزت لێیە نەك بەقسەی دەورووبەرت بکـەی، هەموو کاتێك ئـەوە ئەنجام بدە کە دڵنیابیت تێیدا سـەرکەوتوو دەبیت، پەیامێکت بۆدێت کە نهێنی زۆر گرنگی تێدایە.

hemntoni@yahoo.com